بسم الله الرحمن الرحيم



# حەج

## هەنگاو بە هەنگاو

نوسین و ئامادەکردنی

## کوڕی پاک

**سەرەتا :**

**حەج سەردانی ماڵی خوای پەروەردگارە یەکێکە لە پێنج بنەما لە بنەماکانی ئیسلام (ارکان الاسلام) خوای پەروەردگار دەفەرموێت:**

﴿ وَلِلّهِ عَلَى النَّاسِ حِجُّ الْبَيْتِ مَنِ اسْتَطَاعَ إِلَيْهِ سَبِيلاً ﴾ **ال عمران ٩٧**

**واتا: خوا واجبی کرد بەسەر خەلک سەردانی ئەو مالە بکەن [بيت الله الحرام] ئەوەی لە توانایا بێت .**

**پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت** (بني الإسلام على خمس : شهادة أن لا إله إلا الله وأن محمداً رسول الله وإقام الصلاة وإيتاء الزكاة وصوم رمضان وحج البيت من استطاع إليه سبيلا)**متفق عليه**

**واتا : ئیسلام لەسەر پێنج بنەما بنیات نراوا یەکەم: گەواهی (شەهادەت) الا إله إلا الله وأن محمداً رسول الله _گەواهی ئەدەم کە خوا تاک تەنها یە وە محمد**

پێغەمبەر و ڕەوانەکراوی خوایە_ دووەم: نوێژ سێیەم: زەکاتدان _پاک کردنەوی ماڵ_ چوارەم: ڕۆژوگرتن پێنجەم: سەردانی ماڵی خوا ئەوەی لە توانای دابێت .

حەج واجبە لەسەر هەموو موسوڵمانێک یەکجار لە تەمەندا ئەگەر لە توانای دابێت وەهەروەها (عومرە) بابەتێکی خیلافیە لەسەر واجب بوون و سوننەتدا سێ بۆچونی جیاجیای لەسەرە لە نێوان زانایانی ئیسلامدا.

١: عومرە سوننەتە .

٢: عومرە واجبە .

٣: سوننەتە لەسەر خەلکی مەککە و واجبە لەسەر خەڵکانی تر. ئەمە (قەوللی ئیمام ئەحمەدە و شیخی ئیسلام ئیبنو تەیمییەیە).

## مەبەست (لەتوانا دابون بۆ حەج) چییە؟

یەکەم: موسڵمایێنکی لەش ساغ بێت.

دووەم: هۆکاری گواستنەوەی هەبێت. لەو جێگایەی کە نیشتەجێیە تاکو حەرمی (مەککە) وەک ئۆتۆمۆبیل، فڕۆکە، کەشتی، هەر هۆکاری تربێت بۆ گواستنەوە.

سێیەم: پێداویستیەکانی سەفەری پێ بێت لە خواردن و خواردنەوە و پۆشاک.

چوارم: دابین کردنی پێداویستی ماڵ و منداڵی و ئەو کەسانەی کە خەرجیان لەسەر ئەستۆی ئەوە تا لەسەفەرکەی دەگەڕێتەوە.

## سێ جۆرە حەج کردن هەیە ، الإفراد، القران، التمتع.

الإفراد : ئیحرام دەکات تەنها بۆ حەج بەبێ عومرە.

القران : ئیحرام دەبەستێت بۆ حەج و عومرە بەیەکەوە .

التمتع: ئیحرام دەبەستێت بۆ عومرە لە مانگەکانی حەجدا.

دوای خۆی لەو ئیحرامەی کە بەستویەتی بۆ عومرە حەلال دەکات واتا تەواو دەبێت و دەردەچێت و دووبارە نییەتی بەستنی ئیحرام دێنێتەوە بۆ حەج هەر لە شوێنی خۆی لە هەمان ساڵدا واتا لەو سێ مانگەی حەج وە ئەمەیان باشترینیانە بۆیە دەمانەوێت لەو جۆرە حەجە بدوێین .

مانگاکانی حەج بریتین لە {شوال و ذوالقعدة و ذوالحجة}

حەجی {التمتع}

ئەگەر موسوڵمان گەیشت بە (میقات)، (میقات) سنورەکانی ئیحڕامن هەر موسوڵمانێک بیەوێت بڕوات بۆ حەج بە یەکێک لەو سنورانە دێتە ژوورەوەی شاری (مەککە) واتا دێتە ناو ئەم عیبادەتە حەج یان عومڕە .

هەروەها (میقات) پێنج شوێنن چۆن لە وێنەی ژمارە [١] دا دیارە .




١ : (ذو الحليفة) کە ئەمڕۆ پێیدەوترێت [أبيار علي].

ئەم شوێنە لە (مەدینە)وە ١،٥کم دوورە هەروەها دوورترین میقاتە لە مەککە ٤٢٨کم دوورە لە (مەککە) ئەمە شوێنی ئەو کەسانەیە کە دێن بۆ حەج لە (مەدینە) وە ئەوانەی لە ئەورووپا یان لە ئەمریکا یان لە ئوستورالیا دەچن بۆ حەج لە مەدینە دادەبەزن ئەمە شوێنی میقاتی ئەوانە .



٢ : (الجحفة) كه ئەمڕۆ پێیدەوترێت [ رابغ ].

دێیەکە ١٠کم دورە لە دەریای سور ئێستا کاوەلگەیە و تێک چوە خەڵک لە و شوێنە ئحرام دابەستێت پێی دەوتریت [رابغ] ١٨٦کم لە مەککەوە دوورە، هەروەها ١٨٣کم لە مەدینەوە دوورە هەروەها میقاتی خەلکی میسر و مەغریب و شامە.



٣ : (یلملم) كه ئەمڕۆ پێیدەوترێت[السعدیة].

دۆڵێکە دەکەوێتە سەر ڕێگەی یەمەن ١٢٠کم لە مەککە دووره وە خەڵک ئێستا لە دێی سەعدیە ئیحرام دەبەستن هەروەها میقاتی خەڵکی یەمەنە و هندە وە ئەو کەسەی بەوێدا تێپەر دەبن.



٤ : (قرن المنازل) كە ئەمڕۆ پێیدەوترێت [السیل].
ئێستا ناوی [السیل الکبیر]ە ٧٥کم لە مەککە دوورە هەروەها میقاتی خەڵکی (نجد)ە وە ئەوەی بەویدا تێپەر دەبێ.



٥ : (ذات عرق) كە ئەمڕۆ پێیدەوترێت [الضریبة ].
هەروەها پێی دەوترێت [الضریبة] ١٠٠کم لە مەککە دوورە ئێستا چۆڵەوانیە ڕێگای پیادا تێپەر ناکات.
هەروەها میقاتی خەڵکی عێراق و ئێران و ئەوەی بەویدا تێپەر دەبێ.

ئاگاداربە...! گەیشتن بە میقات بۆ پۆشینی جلی ئیحرام نیە تەنها ئەمە هەڵەیەکە کەسانێکی زۆر وا تێدەگەن، بەڵکو بۆ نیەت هێنانی عیبادەتێکە لە کات و شوێنی تایبەت واتا سەرەتای دەستپێکردنی عیبادەتەکەیەتی .



ئەو میقاتانە بۆ ئەو کەسانەن بەویدا تیپەر دەکەن یان خەڵکی ئەوین  وە ئەوەی نەکەویتە سەر ڕێگەی میقات ئەوە لە نزیکترین شوێن لە میقاتدا ئحرام دەبەستێت  وە ئەو کەسی کە لاناو میقاتەکە بێ وەکو (جەددە) یان مەککە ئەمانە لە شوێنی خۆیاندا ئیحرام دەبەستن و بڕیاری حەج یان عومرە یان حەج و عومرە دەدەن .

هەر کەسێ کە دەگات بە میقات واتا شوێنی ئیحرام بەستن سوننەتە خۆی (بشۆرێت) هەروەها (بۆن) لە خۆی بدات پێش ئەوەی ئیحرام ببەستێت چونکە پێغەمبەر ﷺ وای کردووە وە سوننەتیشە (نینۆکەکانی) بکات، وە هەروەها خۆی پاک بکاتەوە لە مووەکانی بەرباخەڵ و ناولەشی.




ئینجا  پیاو یان بڵێن توخمی نێر بەرگی ئیحرام دەپۆشێت هەروەها سوننەتە ئەگەر نەعلە بکاتە پای هەروەک لە وێنەی ژمارە ٢ دا دیارە

پێغەمبەر ﷺ دەفەرمێت [ليحرم أحدكم في إزار ورداء ونعلين]رواه احمد.

برگی ئیحرامیش پێکهاتوە لە **ریدا** و **ئیزار** دوو پارچە قوماشن نابێت بدروێن .

بەلاّم ئافرەت هەر جلّ و بەرگێک هەیە  دەتوانێت ئیحرام ببەستێت بەمەرجێک هاوشێوەی جلّی پیاوان نەبێت کە مایەی جوانی و خۆ دەرخستن نەبێت کە ببێتە هۆی سەرنج ڕاکشانی پیاوان وە لەکاتی ئیحرامدا خۆ دورگر بێت لە پێچە و دەستەوانە لەبەر فەرمودەی پێغەمبەر ﷺ لەسەرە کە دەفەرمووێ [لا تنتقب المحرمة ولا تلبس القفازين] رواه البخاري بەلاّم بەبونی تێکەلاویدا پێچە دادەنێت ڕووی خۆی دادەپۆشێت لە پیاوی نامەحرەم ئەگەرچی لە ئیحرامیشایە ئەسمای کچی ئەبی بەکر دەفەرموێت ئێمە ڕووی خۆمان دادەپۆشی لەپیاوی نا مەحرەم وە ئێمە  لە ئیحراما بوین [کنا

نغطي وجوهنا من الرجال في الإحرام] رواه الحاكم (٤٥٤/١) وقال : صحيح على شرط الشيخين ووافقه الذهبي .

## ئاگاداربه:

**زانایان دەفەرموون باشتر وایە ئافرەت پۆشاتی سپی نەپۆشێت بۆ حەج چونکە هاوشێوەی جلی پیاوانە وا دیارە لە کوردەواری خۆمان پۆشاتی ئافرەتان هەر سپی بوە ئینجا وا باشە ئاگادار بین .**

## نیەت هێنان

**موسوڵمان نیەت دێنێت بە دڵ کە نیەتی عومرەیە یان نیەتی عومرەی تەمەتوعە حەجی لەگەڵ دەکات . هەروەها بۆی هەیە بە زوبانیش وا بڵێت ناچێتە قاڵبی بدعەوە چونکە هەر واهاتووە.**

**پاشان سواری پێرۆی خۆی دەبێت وەک ئۆتۆمۆبێڵ بڵێت** [لبيك عمرة] ياخود [اللهم لبيك عمرة] **یان نیەتی تەمەتوع بێنێت کە باشترینیانە [ لبيك اللهم عمرة متمتعة بها الى الحجى]**

**هەروەها گوایە دوو رکعەت نوێژ سوننەتی ئیحرام هەیە ئەمە هیچ راستیێک نیە بەڵام وا باشە دوای کردنی نوێژی واجب مرۆڤ نیەت بێنێت و پۆشاتی ئیحرم بپۆشێت لە بەر ئەوەی پێغەمبەر ﷺ بەوشێوە رەفتاری کردوە لە فەرمودەیەکا هاتوە ئیمامی موسلیم بۆمان داگێرێتەوە .**

**هەروەها : ئەوەی لە نێو فرۆکەدابێت کە گەیشت بە ئاستی میقات لەنێو فرۆکەدا نیەت دێنێت و پۆشاتی ئیحرام دەپۆشێت .**

**هەروەها : موسوڵمان بۆی هەیە مەرج بڵێت لە کاتی ئیحرامدا ئەگەر مەترسی ئەوەی هەبێت نەخۆشی یا کێشەیەک یا ترسی بێتە ڕێ کەوا بۆی نەکرێت عومرەکەی یان حەجی بۆ تەواو نەکرێت دەتوانێت بڵێت [هەر بەربەست و ڕێگرێک بێتە ڕێگام ئیحرامی من تا ئەو بەربەستەو ڕێگرە بێت]** [إن حبسني حابس فمحلي حيث حبستني] **سوودی دانانی ئەو مەرجە لە کاتی ئیحرامدا ئەوەیە هەر**

بەربەستێک کەوتە ڕێگات بۆت نەکرا حەج یان عومرە تاواو بکەیت ئەوا هیچ [فدیة ] نادەیت واتا قوربانی نادەیت .

هەروەها : سونەتە دوای ئیحرام موسوڵمان زۆر [ تلبیة ] بڵێت [لبيك اللهم لبيك لبيك لا شريك لك لبيك ، إن الحمد والنعمة لك والملك ، لا شريك لك ] پیاوان دانگیان بەرز دەکەنەوە و ئافرەتانیش نزم .

ئینجا ئەگەر گەیشت بە کعبەی پیرۆز واز لە [تلبية] دێنێت [لبيك اللهم لبيك لبيك لا شريك لك لبيك ، إن الحمد والنعمة لك والملك ، لا شريك لك ] هەروەها [اضطباع] دەکات واتا : شانی ڕاستەی بەدەر دەخات [لأنه صلى الله عليه وسلم طاف مضطبعاً كما في صحيح أبي داود للألباني (١٦٥٨) ] .

چۆن لە وێنەی ژمارە 3 بەرچاوە




ئینجا : ئەگەر بۆی کرا دەستی ڕاستی دەدات لە بەردی ڕەش بەردی قیبلە (حجر الاسود)هەروەها ماچی دەکات و دەڵێت [الله اكبر] رواه البخاری




وە ئەگەر لەبەر زۆری و قەڵەبالغیدا بۆی نەکرا ماچی بەردە ڕەش بکات ئەوا دەستی پیا دەخشێنێت و دەستی خۆی ماچ دەکات [متفق علیه]

وە ئەگەر نەیتوانی بگات بەبەردەڕەش دەستی لێبدات ئەوا هەر شتێکی پێیە وەک گۆچال ئەگەیەنێتە بەردەکەو گۆچاڵەکە ماچ دەکات ،

وەئەگەر هیچیەک لەمانەی بۆ نەکرا ئەوا لە دورەوە بەلاشەی خۆی ڕووی تێدەکات و دەست بەرز دەکاتەوە دەڵێت [الله اکبر] بێ ئەوەی دەستی ماچ بکات [رواە البخاری]

چۆن لەوێنەی ژمارە ٤ دا بەرچاوە



دوای حەوت جار بەدەوری کعبەدا دەسورێتەوە [طواف] هەر سورانەوەیەکیشی لە بەردی قیبلە دەست پێدەکات واتە لە بەردە رەش لەویشەوە تەواو دەبێت ، هەروەها ئەگەر کرا توانەی هەبوو بگات بە بەردە رەش هەموو جار دەستی لێدەدات و دەستی ماچ دەکات لە هەموو سورانەوەیەکدا وەئەگەر بۆی نەکرا لە دورەوە دەستی بەرز دەکاتەوەو دەڵێت [الله اکبر] بەبێ ئەوەی دەستی ماچ بکات چۆن پێشتر باسمان لەسەر کردوە سورانەوەکەش پێچەوانەی میلی کاتژمێر دەبێت یان شانی چەپەت لە بەردی قیبلە دەبێت وە دەبێت دەست نوێژت هەبێت لە کاتی تەواف دا .




[مسجد الحرام] لە چوار گۆشە پێک هاتووە

١ : گۆشەی یەمانی واتا ڕووی گۆشەکە لە یەمەنە

٢ : گۆشەی بەردە ڕەش ؛ بەردی قیبلە

٣ : گۆشەی شام واتا ڕووی گۆشەکە لە شامە

٤ : گۆشەی عراقی واتا ڕووی لە عیراقە

چۆن لە وێنەی خوارەوە بەر چاوە

# مەککەی شەریف
## (قیبلەی موسڵمانان)




١ - الحجر الأسود
٢ - باب الكعبة
٣ - الميزاب (مزراب الرحمة)
٤ - الشاذَروان
٥ - حجر إسماعيل (الحطيم)
٦ - المُلتَزَم
٧ - مقام سيدنا إبراهيم
٨ - ركن الحجر الأسود
٩ - الركن اليماني
١٠ - الركن الشامي
١١ - الركن العراقي
١٢ - ستار الكعبة
١٣ - خط المرمر البني

.١ بەردە ڕەشەکە .٢ دەرگای کەعبە .٣ میزاب .٤ شاذرەوان ڕۆخی دیواری کەعبە .٥ حوجرەی ئیسماعیل .٦ مولتەزیمە .٧ جێگای وەستانی ئیبراهیم (مەقامی ئیبراهیم) .٨ گۆشەی بەردە ڕەشەکە .٩ گۆشەی یەمانی .١٠ گۆشەی شامی .١١ گۆشەی عێراقی .١٢ پۆشەری کەعبە .١٣ هێڵی مەرمەڕی قاوەیی

ئینجا لە گۆشەی [اليماني] هەرکاتێک کە لە تەوافدا سورایتەوە دەستی ڕاستەی لێدەدەیت ئەگەر بۆت کرا و بەبێ [الله اكبر] چۆن لە وێنەی چوار بەرچاوە




هەروەها سوننەتە لە گۆشەی [اليمانی] تا دەگەیتە گۆشەی بەردە ڕەشەکە؛ بەردی قیبلە ئەو دوعایە بخوێنیت [ربنا آتنا في الدنيا حسنة وفي الآخرة حسنة وقنا عذاب النار]

ئاگاداری: طواف هیچ زیکر و ویردێکی تایبەتی نیە ئینجا بۆیە دەتوانیت لەکاتی تەوافدا قورئان بخوێنیت یان هەردوعایەکت هەیە بیڵێیتەوە یان زیکری خوا بکەت تەسبیحات.

ئاگاداری: بۆ پیاوان سوننەتە [رمل] بکەن واتا تۆزێک بەپەلە بسوڕێنەوە هەنگاوەکانیشیان هاوشێوەی یەکتر بێت لە سێ سوڕانەوەی یەکەم لە حەوت سوڕانەوەکەی تەوافدا چونکە ئەمە لە ڕەفتاری پێغەمبەر ﷺ بووە [متفق علیە].

ئەگەر لە چەند جارەکەی تەواف کەوتیتە گومان ئەوە دەگەڕێیتەوە سەرخۆ یەکلاکردنەوە لە گومانەکەت، هەروەها ئەگەر نەتزانی ئەمە سیەم جارتە یان چوارەم دەگەڕێیتەوە سەر سیەم و ئەوەی تری بەدوادا تەواو دەکەیت.

ئینجا ئەگەر تەوافت تەواو کرد دەگەڕێیتەوە دواوەی[مقام ابراهم] شوێن وەستانی ئیبراهیم ئەو ئایەتە جێ بە جێ دەکەیت کە خوای پەروەردگار دەفەرموێت [وَاتَّخِذُواْ مِن مَّقَامِ إِبْرَاهِيمَ مُصَلًّى] واتا: شوێن وەستانی ئیبراهیم بکەنە شوێن عیبادەت و نوێژ کردن، شوێنێکە شوێن قاچەکانی ئیبراهیم باوکی

پێغەمبەرانی لێدەرچوە وەکو نیشانەیەکی خوا ماوەتەوە بۆ پەند لێوەرگرتن چۆن لە وێنەی خوارەوەدا دیارە




وە لە دوای ئەم  شوێنە دوو رکعەت نوێژ دەکەیت بەڵام ئاگادار بە خۆت لە [اضطباع] کۆتایی پێ بێنە واتە شانی راستەت  داپۆشەرەوە .

هەروەها سوننەتە لە ڕەکعەتی یەکەم [قل یا ایها الکافرون] بخوێنیت هەروەها لە ڕکعەتی دووەم [قل هو الله احد] بخوێنیت .

وە ئەگەر لەبەر زۆری خەڵک بۆت نەکرا لەدوای ئەو شوێنە دوو رکعات نوێژ بکەیت لە هەر شوێنێک نوێژ بکەیت دروستە چونکە ئیمامی عومەر وایکردوە .

لەدوای نوێژ کردن لە دواوەی شوێن وەستان ئیبراهم سونەتە ئاوی زەم زەم بخۆیتەوە ئینجا  دەست بدەیتەوە لە بەردی قیبلە یان بەردە ڕەش وە ئەگەر بۆت نەکرا شتێکی ئاسایە .





## سەفا و مەڕوە

ئەمەش حەوت جار دەیکەیت واتا لە سەفا بەڕێ دەکەویت بۆ مەڕوە دەکات بە جارێک لە مەڕوەش بۆ سەفا دەکات بە جاری دووەم



ئینجا دوای تەواو بونت لە تەواف ڕووەو سەفا بەڕێ دەکەویت  هەروەها سوننەتە کە نزیک بویتەوە لە سەفا ئەو ئایەتە بخوێنە [إِنَّ الصَّفَا وَالْمَرْوَةَ مِنْ شَعَائِرِ اللَّهِ فَمَنْ حَجَّ الْبَيْتَ أَوْ اعْتَمَرَ فَلا جُنَاحَ عَلَيْهِ أَنْ يَطَّوَّفَ بِهِمَا وَمَنْ تَطَوَّعَ خَيْراً فَإِنَّ اللَّهَ شَاكِرٌ عَلِيمٌ] ئینجا دەڵێیت چۆن خوا داستی پێکردوە لەوێ دەستی پێ دەکین [نبدأ بما بدأ الله به] وەک لە وێنەی ژمارە پێنج هاتووە.




ئینجا بە دەنگ دەڵێیت [الله أكبر الله أكبر الله أكبر ، لا إله إلا الله وحده لا شريك له ، له الملك وله الحمد وهو على كل شيء قدير ، لا إله إلا الله وحده لا شريك له ، أنجز وعده ، ونصر عبده ، وهزم الأحزاب وحده]

هەروەها لە دوای ئەو زیکرە دوعا بۆخۆت دەخوێنی بەڵام بەبێ دەنگی .

ئینجا دووبارە زیکری یەکەم دەڵێیتەوە بەدەنگ لەدوای ئەودا دوعا بۆخۆت دەخوێنی سێبارە زیکری یەکەم دەڵێیتەوە بەدوایدا دوعا بۆخۆت ناخوێنیت و بەڕێ دەکەویت بۆ مەڕوە .

دوای لە سەفا بە ڕێ دەکەویت بۆ مەڕوە هەروەها لە نێوان دوو ئالآدا یاخود دوو هێلی سەوز هەیە لەو نێوانەدا سوننەتە لە ڕۆیشتنەکەت تۆزێ خێراتر بڕۆیت  راکردن ڕابکەیت ئەگەر خەڵک ئازار نەدەیت و خۆت نەکێشی بە خەڵکدا کە گەیشتیت بە مەڕوە ئەوەی لە سەفا کردوتە واتا زیکرەکان بەهەمان شێوە لە مەڕوەشدا دووبارە دەیکەیتەوە لە هەر حەوت جارەکەش بە هەمان شێوە وادەکەیت ئەوەی کردوتە ،
بەڵام لە جاریی حەوتەم نە زیکرەکان و نە دەست بەرز کردنەوە و نە دوعا ناخوێنیت .

ئاگاداری : هیچ زیکرێکی تایبەت نیە بۆ [السعی] سەفاو مەڕوا بەڵام دەکرێت موسوڵمان دوعا بخوێنێت هەر دوعایەک بێت ، وە ئەگەر قورئانیش بخوێنێت بۆی هەیە ئاسایە .
هەروەها سوننەتە موسوڵمان دەست نوێژی هەبێت .
لە کاتی سەفاو مەڕوادا ئەگەر بانگی دا ئەوا واز لە هاتن و چون دێنیت و نوێژ لەگەڵ نوێژ کەرەکان دەکەیت بە جەماعەت لە دوای تەواو بونی نوێژ لە کاوە جار وازت هێناوە لەوێوە تەواوی دەکەیت .
ئینجا ئەگەر لە هات و چوون لە سەفا بۆ مەڕوا [السعی] تەواو بویت ئەوە قژی سەرت کورت دەکەیتەوە یان بەتەواوی دەیتاشیت وە کورت کردنەوەش باشترە لە تەواو تاشین  بۆ ئەوەی بۆ حەج قژ هەبێت بە سەرتەوە بۆ ئەوەی بەتەواوی بەتاشیت لە کاتی تەواو بونی حەج چۆن لەو وێنەی خوارەوە بەرچاوە واتا لە عومرە کورتی دەکەیتەوە لە حەجیشدا دەیتاشیت .



ئاگادابە : ئەگەر هات و قژت کورت کردەوە نەیت تاشی ئەوە دەبێت تەواوی مووەکانی سەرت کورت کەیتەوە نەوەک هەندێک کەسی نەزان دەڵێت ئەگەر دوو تاڵە موش بێت بەسە .

هەروەها ئافرەت سەر تاشینی لەسەر نیە بەڵکوو بە قەدەر پەنجەیەک لە قژی کورت دەکەتەوە لە هەر لایەکی قژی پێغەمبەر ﷺ دەفەرمویێت [لیس على النساء حلق إنما على النساء التقصير] صحيح أبي داود (١٧٤٨).
ئینجا دوای قژ کورت کردنەوە یان تاشینی کارەکانی عومرە تەواو دەبێت
ئینجا دروستە موسوڵمان خۆی حەلال بکات لە ئیحرام واتا سەربەست دەبێت تا هاتنی حەج کە دەکاتە [٨ ذي الحجة] کە پێی دەوترێت [التروية]

ڕۆژی[التروية]
ڕۆژی [٨ ذي الحجة]
موسوڵمان لەو شوێنەی کە لێیەتی ئیحرام دەبەستێت هەروەها چی کردوە بۆ عومرە پێش ئیحرام بەستن وەک و خۆ شۆردن و بۆن لەخۆدان و .....هیتر کەباسمان لێوەکردبوو ووتمان سوننەتە بە هەمان شێوە پێش ئیحرام بەستنیش بۆ حەج ئەمانە سونەتن ئەگەر موسوڵمان بیکات .

ئینجا بەڕێ دەکەویت بۆ مینا [منى] لەوێ دەمێنیتەوە و نوێژی نیوەڕۆ و ئێواران و شەوان و خەوتنان و بەیانیانی لێ دەکەیت هەروەها نوێژە چوار ڕکعەتەکان دەکەیتە دوو ڕکعەت وەک نوێژی نیوەڕۆ و عەسر وە نوێژەکانی خەوتنان لەکاتی خۆیدا دەیکەیت بەبێ کۆ کردنەوە [جمع] .

ئینجا بۆ بەیانی کە دەکاتە نۆی مانگ [٩ذي الحجة] ئەو ڕۆژە ڕۆژی عەرەفەیە کە خۆر دەرکەوت ڕووەو عەرەفە بە ڕێ دەکەویت .
وەهەروەها سونەتە لەو شوێنە دابەزیت و بمێنیتەوە کە پێی دەوترێت [نمرة] ئەم شوێنەش بە عەرەفەوە لکاوە، چۆن لە وێنەی خوارەوە بەرچاوە




لەو شوێنە مزگەوت هەیە بەناوی شوێنەکە [المسجد النمرة]



لەو شوێنە دەمێنیتەوە تا خۆر لە ناوەراستی دنیا تێدەپریێت واتا [الزوال] واتا نوێژی نیوەڕۆ دەبیت ئینجا ئیمامی مزگەوت ووتارێک دەدات بۆ میوانانی ماڵی خوا کە چیان پێویستە بیکەن لەورۆژە دا و گەورەیی ئەو ڕۆژەیان بۆ دەخاتە ڕوو .

ئینجا حاجیەکان نوێژی نیوەڕۆ و عەسر بەیێکەوە دەکەن بە [قصرا وجمعا] واتا دوو ڕکعەت نوێژی نیوەڕۆ دەکەن و دوای تەواو بونیان لە نوێژی نیوەڕۆ هەڵدەستنەوە دوو رکعەت نوێژی عەسریش دەکەن ،

ئینجا خەڵک دەوەستێت لە عەرەفە



**هەروەها هەموو شوێنێک دروستە لە عەرەفەوە تیایدا بوەستیت تەنها شوێنێک نەبێت کە پێی دەوترێت دۆڵی عەرنە [ بطن العرنة ] پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت** [عرفة كلها موقف وارفعوا عن بطن عُرَنَة]

**هەروا سونەتە لا دواوەی کێوی عەرەفەوە بوەستیت ڕوو بکەیتە قیبلە ئەگەر بۆت کرا چونکە شوێن وەستانی پێغەمبەر بوە ﷺ ،**




**هەروەها زۆر دوعا دەکەیت چونکە لەو ڕۆژەدا دوعا قەبوڵە بەتایبەتی ئەو دوعاییەی کە پێغەمبەر ﷺ دەیکرد** [خير الدعاء دعاء يوم عرفة ، وأفضل ما قلت أنا والنبيون من قبلى : لا إله إلا الله و حده لا شريك له ، له الملك وله الحمد يحيي ويميت وهو على كل شيء قدير ] **واتا : چاکترین دوعا دوعای ڕۆژی عەرەفەیە وە باشترینیان کە من و پێغەمبەرانی پێش من وتویانە** [لا إله إلا الله و حده لا شريك له ، له الملك وله الحمد يحيي ويميت وهو على كل شيء قدير] ئینجا زۆر ئەو زیکرا بکە

ئاگاداربە: هیچ جیاوازییێک نیە لەگەڵ عەرەفە و کێوی عەرەفە ئینجا خۆت ماندوو مەکە و خەڵک ئازار مەدە بۆ سەرکەوتنی کێوەکە ،
هەروەها ئاگاداری ئەمە بە کەوا لە سنوری عەرەفە دەرنەچیت، ئینجا چۆن دەزانیت سنوری عەرەفە تا کوێیە؟ لە ڕێگەی ئەم تابلۆوانەی کەوا هەڵواسراوە چۆن لە وێنەی خوارەوەدا دیارە




دروست نیە لە عەرەفە بەڕێ بکەویت بۆ موزدەلیفە پێش خۆر ئاوا بوون .

ئینجا ئەگەر خۆر ئاوا بوو حاجیەکان بەڕێ دەکەون بۆ [ مزدلیفة ] بە هێمنی و لەسەر خۆیی هەروەها زۆر بەکارهێنانی [تلبية] واتا لبيك اللهم لبيك لبيك لا شريك لک لبيک .......
هەروەها [المزدلفة] دەکەوێتە نێوان عەرەفە و مینا

ئینجا ئەگەر گەیشتیت بە [مزدلیفة] نوێژی شەوان واتا [المغرب] سێ ڕکعەت دەکەیت و نوێژی خوتنان دوو ڕکعەت بەیەکەوە دەیانکەیت بە یەک بانگ و بۆ هەر نوێژێکیش ئیقامەیەک دەکەیت ئەمە ئەگەر ڕاستەوخۆ گەیشتیت بە (مزدلیفە) بەڵام ئەگەر زوو نەگەیشتیت ئەوە هەر لە ڕێگا نوێژەکانت دەکەیت

پێش ئەوەی بگەیت بە [مزدلفة] نەوەک کات بەسر بچێت نوێژەکان لەدەست بدەیت .

ئینجا لە (موزدەلیفە) دەمێنیتەوە تا نوێژی بەیانی لەوێدا دەکەیت هەروەها سوننەتە لە (موزدەلیفە) دا لە [المشعر الحرام] بمینیتەوە تا زەردایی خۆر بەدەر دەکەوێت ڕوو لە قیبلە و دەست بەرزو دوعا کردن چونکە ئەمە لە ڕەفتاری پێغەمبەر بووە ﷺ ، هەروەها خوای پەروەردگار دەفەرموو [فإذا أفضتم من عرفات فاذكروا الله عند المشعر الحرام] ئەمەی خوارەوەش مزگەوتەکەی [المشعر الحرام] هەمان ئەو شوێنەیە کە لە ئایەتەکەدا هاتوە



هەروەها زانایان فەتوایان داوە کەوا دروستە ئەوکەسەی نەخۆشی لەگەڵدا بێت یان ئافرەت یان پیر [مزدلفة] بەجێ بێلێت بۆ [مینا] ئەگەر سێیەکی شەو تێپەری ئیبنو عەباس دەفەرموێت خوای لێی رازی بێت [بعثني رسول الله صلى الله عليه وسلم في الضَعَفة من جمع بليل] متفق عليه واتا : پێغەمبەر ﷺ منی بەرێ خست لەگەڵ کۆیێکی لاوازان لە بەشێکی شەودا .

هەروەها موزدەلیفە هەمووی شوێنی وەستان و مانەوەیە بەلآم وەک باسمان کرد سوننەتە لە [المشعر الحرام] بمێنیتەوە پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێت دەفەرمێت [وقفت هاهنا ومزدلفة كلها موقف] رواه مسلم

ئینجا بەڕێ دەکەویت بۆ [مینا] زۆر تەلبیە دەکەیت لە ڕێگا هەروەها ئەگەر گەیشتیت بە دۆلێک پێی دەوترێت [وادي المحسر] لەڕێگاتەوەیە لەم شوێنە

تۆزێک پەلە دەکەیت بە خێرا دەڕۆیت  دەڵێن لەم شوێنەدا لەشکرەکەی ئەبرەها گەمارۆ دراوەو بەهیلاک چونە شوێنی دابەزینی عەزابی خوا بووە .

ئینجا تا دەگەیتە مینا [ جمراة ] لە مینان.



بەکار هێنای ئەم ووشەیە (ڕەجمی شەیتان) ئەمە هەڵەیەکە دەگوترێت بەڵکو ئەمەشیان یەکێکە لە عیبادەتەکان نەوەک (ڕەجمی شەیتان) یان (بەرد باران کردنی شەیتان).

هەروەها سێ [جەمر]ە هەن  بچوک ناوەنجی گەورە

گەورەکەیان پێی دەوترێت [العقبة]

ووتمان لە [مزدلفة] بەڕێ کەوتیت بۆ مینا ئەوە بۆ بەرد هاوێشتنی [العقبة]یە .

لەم شوێنە حەوت بەرد دەگریتە ناوچالەکە بەردەکانیش لەگەڵ خۆتا دەیانهێنیت لە [مزدلفة یان منى] یان لە ڕێگا چۆن بۆت کرا وا ،



بەردەکانیش بەقەدەر نزیکەی دەنکە[نۆک]ێک بن لە نیسک گەورەتر لە باقڵە بچوکتر چۆن لە وێنەی خوارەوە بەرچاوە




## بۆ مەککە

**ئاگادار بە : لە کاتی برد هاوێشتندا دەستت بەرز دەکەیتەوە دەڵێیت [ الله اكبر ] لەگەڵ فڕێدانی هەر بەردێک ،**

**هەروەها ناکرێت بەردەکان بەیەکەوە فڕێ بدەیت، دەبێت یەک لە دوای یەک بن، وە سوننەتە لە ناوەڕاستدا بەرامبەر بە چاڵەکە بوەستی. بەڵام هەوڵی ئەوە بدە کە (کەعبە)ی پیرۆز بکەوێتە دەستی چەپت وە (مینا)یش بکەوێتە دەستی ڕاستت. هەروەک چۆن لەم وێنەیەی خوارەوەدا بەرچاوت دەکەوێت، وە ئەمەیش لە ڕەفتاری پێغەمبەر بووە درووذی خوای لەسەر بێت کە بۆ ئێمە سوننەتە.**



**هەروەها دەبێت بەردەکانت بکەوێتە نێو چاڵەکەوە هەروەها ئەگەر کەوتە نێوچاڵەکە دوای هاتە دەرەوە ئەمە ئاساییە بەڵام ئەگەر بەردەکەت نەکەوتە نێو چاڵەکە ئەوە دەبێت دووبارەی کەیتەوە .**

دوای بەرد هاویشتنی [العقبة] قوربانی دەدەیت هەروەها سوننەتە لە قوربانیەکەشت بخۆیت و ببەخشیت ئەمە تۆزێ سەختە لە بەر زۆری خەڵک و کەمی کات بەڵام ئێستا گۆڕانکاری تێدا کراوە پێشتر لە مککە یان لە مەدینە خەڵکانێکی باوەڕ پێکراو وەستاون پارەی قوربانیەکە وەردەگرن و خۆیان هەمووی جێ بە جێ دەکەن ،



هەروەها کاتی قوربانیش تا خۆر ئاوا بوون دەخایەنێت وە دەکرێت شەویش قوربانی بدەیت بەڵام سونەتە لە دوای بەرد هاویشتنی [العقبة]دا قوربانیەکەت بدەیت کە ڕۆژی جەژن دەکات چونکە ئەمە ڕەفتاری پێغەمبەر بووە درودی خوای لەسەر بێت .
وەئەگەر بۆت نەکرا قوربانی بدەیت یان پارەی کرینی قوربانیت پێنەما ئەوا سێ ڕۆژ لە حەج بە ڕۆژو دەبیت سونەتە ڕۆژی ١١ و١٢ و١٣ وە حەوت ڕۆژیش ئەگەر گەرایتەوە شوێنی خۆت وڵاتی خۆت واتا دە ڕۆژ .

دوای قوربانیدان قژی سەرت کورت دەکەیتەوە یان بەتەواوی دەیتاشیت هەروەها تاشینیش خێری زیاترە بە پێچەوانەی عومرە چونکە پێغەمبەر ﷺ سێ جار داوای لێ خۆشبونی کرد بۆ ئەوکەسانەی سەریان دەتاشن هەروەها بۆ ئەوانەی قژیان کورت دەکەنەوە یەک جار .

ئینجا دوای بەرد هاویشتنەکە و سەر تاشین یان کورت کردنەوە لە هەموو شتێک سەر بەست دەبیت کە پێش ئیحرام قەدەغە کراو بوون بۆت تەنها ئافرەت نەبێت بەمەش دەوترێت [التحلل الاول] واتا حەلال بوونی یەکەم سەربەست بونی یەکەم ،

## طەوافی [ الافاضة ]



دوای خۆت بۆندار بکە و بەرەو [کعبة] پیرۆز بەڕێبکەوە بۆ ئەنجامدانی طەوفی [ الافاضة ] ئەم تەوافەی کە خوای پەروەردگار دەفەرمێت [ثُمَّ لْيَقْضُوا تَفَثَهُمْ وَلْيُوفُوا نُذُورَهُمْ وَلْيَطَّوَّفُوا بِالْبَيْتِ الْعَتِيقِ]

هەروەها دایکمان عائیشە دەفەرمویت [كنت أطيب رسول الله صلى الله عليه وسلم لحله قبل أن يطوف بالبيت] پێغەمبەرم بۆن خۆش دەکرد پێش ئەوەی تەواف بکات لە دوای تەواف دەست دەکەیت بە [السعى] واتا چوون و هاتن بۆ سەفا و مارِوە

،

ئینجا لە دوای ئەو تەوافە دا هەموو ئەو شتانی کەوا لێت حەرام کرابوون بە سەبەبی ئیحرامەوە هەمووت بۆ حەلال دەبێت هەتا ئافرەتیش واتا جووت بوون لە گەڵ خێزاندا بەمەشیان دەوترێت [التحلل التام]

ئینجا وا باشە بۆ حاجی ئەوەی باسمان کرد یەک بە دوای یەک بێت بۆ نموونە بەرد هاوێشتنی العقبة – سەر تاشین یان کورت کردنەوە – قوربانی– طواف بەڵام ئەگەر هەندێکی پێش هەندێک خست ئاسایە و دەکرێت

## بۆ مینا



دوای ئەمە دەگەڕێیتەوە بۆ مینا [منى] تا ڕۆژی ١١ و١٢ و١٣ ذول حیجە بە شەوەکانیانەوە لە مینا دمێنیتەوە مانەوەت ئەو سێ ڕۆژە باشترە لە پەلەکردنت وە ئەگەر پەلەشت بێت بۆت هەیە دوو ڕۆژ بمێنیتەوە بەمەرجێک پێش خۆر ئاوا بون مینا بەجێ بێلیت خوای پەروەردیگار دەفەرموێت [فمن تعجل في يومين فلا إثم عليه ومن تأخر فلا إثم عليه لمن اتقى ] واتا : ئەوی کە پەلە بکات و لە دوو ڕۆژدا شەیتان ڕەجم بکات ئەوا هیچ گوناهی لەسەر نیە ، ئەوی دوای بخات و [بەسێ ڕۆژ] ئەنجامی بدات هەر گوناهی لەسەر نیە بەتایبەتی بۆ ئەوانەی خۆیان لە نافەرمانی خوا دەپارێزن .

هەروەها لەو ڕۆژانەی کە ماوەتەوە لە مینا پێیان دەوترێ [ايام التشريق] لە هەر ڕۆژێکا دوای نیوەڕۆ هەر سێ [الجمرات] یان کورد گۆتەنی ڕەجمی شەیتانی جێ بە جێ دەکات سەرەتا لە بچوکەکەوە دەستپێ دەکات دوای ناوەڕاست دوای گەورە هەریەکەشیان بە حەوت بەرد واتا ڕۆژێ دەبێت بیست و یەک بەرد بهاوێژێت .
ئینجا سوننەتە ئەگەر جەمرەی بچوکەکەت کرد تۆزێک دورکەویتەوە و ڕووت بکەیتە قیبلە و دوعایێکی دوروو درێژ بکەیت ،
بەهەمان شێوە لە ئەنجام دانی جەمرەی ناوەنجیشدا بەڵام چاڵەکە بکەویتە لای ڕاستەت هەروەها ڕوو لە قیبلە دەست بەرزکەیتەوە و دوعا بخوێنیت
بەڵام جەمرەی سێیەم یان شەیتان ڕەجم کردنی گەورە لە دوایدا ناوەستیت و دوعا بخوێنیت بەڵکو کە تەواو بویت تێدەپەریت چۆن ئەمە ڕەفتاری پێغەمبەر بووە ﷺ چۆن لەوێنەی خوارەوەدا دیارە .




ئەمە بەو شێوەیە حەج کۆتایی هات بەڵام ئەگەر ویستت بگەڕێیتەوە وڵاتی خۆت یان ناو ماڵ و منالی خۆت دەبێت مەکە بەجێ بێلیت واجبە لەسەرت [ طواف الوداع] واتا تەوافی ماڵئاوایی لە مەککەی پیرۆزدا کە تەوافەکەت ئەنجام دا ئەوا دەبێت راستەو خۆ مەکە بەجێ بێلیت .

{ چەند ڕوون کردنەوەیەکی جیا }

منداڵی باڵغ نەبوو دەکرێت حەج بکات و حەجەکەی قبوڵە بەڵام واجبی لەسەر ناچێت کە پێگەی و باڵغ بوو دەبێت حەجی واجبی بکاتەوە



ئافرەتێک منالەکەی بەرز دەکاتەوە دەڵێت پێغەمبەری خوا ئەم منالە حەجی بۆ هەیە پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێت لەولامدا فەرمی بەڵێ بۆتۆش ئەجر و پاداشت .

منالێک ئەگەر بۆی نەکرێت کارەکانی حەج ئەنجام بدات وەکوو رەجمی شەیتان کورد گۆتەنی و هیتر ئەوە لێپسراوی منالەکە لە جیاتی منالەکە کارەکان ئەنجام دەدات و رادەپەڕێنێت .

ئافرەت ئەگەر عادە بوو [الحائض] هەموو کارەکانی حەجی بۆ هەیە تەنها تەواف نەبێت بۆتەواف دەبێت بوەستێت تا پاک دەبێتەوە و خۆی دەشوات ئینجا تەواف دەکات هەروەها بۆ نوێژی منداڵ بوونیش بەهەمان شێوە .

تێبینی:

دروسته و دەكرێت ئافرەت حەبی ڕێگر لە عادە بوون بخوات و نەهێڵێت عادە ببێت لە كاتی حەجدا .

تێبینی:

دروسته و دەكرێت یەكێك لە جیاتی پیرێك یان ئافرەتێك ڕەجمی شەیتان بكات [الجمرات] ئەگەر بۆیان نەكرێت لە بەر نەخۆشی یان زۆری و قەڵەبارغیدا ، بەمرجێك پێشتر بۆخۆی بیكات دواتر بۆ غەیری خۆی .

تێبینی:

كەسێك مردوە پێش ئەوەی بمرێت توانای چوونی حەجی هەبووە بەڵام نەچووە میراتگرەكانی دەتوانن لە جیاتی ئەودا حەج بكەن بەمەرجێك پێشتر بۆخۆیان حەجیان كردبێت وە ئەگەر ناسیاوێكی بۆ خێری خۆی حەجی بۆ بكات ئەوا دەكرێت.

تێبنیی:

كەسی بەساڵا چوو یان نەخۆشێك كە ناتوانێت حەج بكات و گومانی چاك بونەوەی لێ ناكرێت كەسێك دەست نیشان بكات یان بنێرێت لە بۆ حەج لە جیاتی خۆی بەمەرچێك ئەوكەسەی كە دەینێرێت لە شوێن خۆیدا پێشتر حەجی بۆخۆی كردبێت .

## {كە لە ئیحرامدا بویت دەبێت ئاگادار بیت}

١ : لەكاتی ئیحرامدا نە موێك دەربێنیت نە نینۆكەكانت بكەیت .
٢ : لەكاتی ئیحرامدا نە خۆت و نە جلەكانت بۆندار ناكەیت واتا گوڵاو بەكار نایەنی .
٣ : لەكاتی ئیحرامدا سەرت داناپۆشی كلا و یان هەر شتێكی تر بەكار نایەنی بۆ سەر داپۆشین .
٤ : لەكاتی ئیحرامدا نە ژن داخوازی دەكەیت بۆ خۆت یان بۆ غەیری خۆت وە نە مارەیی دەبڕی .
٥ : لەكاتی ئیحرامدا لە گەڵ خێزانتدا جووت نابیت جماع ناكەیت .

٦ : لەکاتی ئیحرامدا پێشیەکانی جووت بونیش ئەنجام نادەیت وەک ماچ یان یاری و دەست گەمە .
٧ : لەکاتی ئیحرامدا هیچ جلێکی درواو ناپۆشیت وەک دەرپێ کورت و ژێر کراس و هیتر ئەمە بۆ پیاوان وەک پێشتر باسمان کردوە .
٨ : لەکاتی ئیحرامدا ڕاوی هیچ شتێک ناکەیت وەک مامز یان کەروێشک یان شتی تر .
لەکاتی ئیحرامدا ئەگەر شەیتانی بویت دەتوانیت خۆت بشۆیت شتێکی ئاساییە .
هەر کەسێک شتێک لەمانە ئەنجام بدات بە گاڵتەوە یان بە پێخۆشی خۆی خوا پەنامان بدات دەبێت پرسیاری زانایان بکات حەقی ئەو تاوانە چیە بیدات یان بیکات .

بەڵام کەسێک بەزۆری یان با نەزانی یان یان لە بیری چوو ئەوا هیچی لەسەر نیە گوناهبار نابێت .
هەرکەسێک شتێک لەوەی باسمان کردوە ئەگەر نەیتوانی ئەنجامی بدات جگەلە سونەتەکان دەبێت پرسیار بکات چی بکات و چی ئەنجام بدات .

لە کۆتایدا سوپاس بۆ خوای گەورەو میهرەبان
[ وصلی الله وسلم علی محمد وعلی آله وصحبه اجمعین ]

ئامادەکردنی: کوڕی پاک